سەرۆکی یەکێتیی داوایەکی فەرهاد پیرباڵ جێبەجێ دەکات و داوای دیداری دەکات



بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، داوای دیداری فەرهاد پیرباڵ دەکات بەمەبەستی جێبەجێکردنی کتێبخانەیەکی تایبەت بۆی لە سلێمانی، ئەمەش لەدوای ئەوەی فەرهاد پیرباڵ وتی کە ”بەرپرسانی هەولێر قەدری کتێب نازانن، دەمەوێ کتێبخانەکەم بگوازمەوە بۆ سلێمانی“.

بافڵ تاڵەبانی لە تویتێکدا وەڵامی فەرهاد پیرباڵی دایەوە و نوسی: ”دکتۆر فەرهاد پیرباڵی ئازیز و خۆشەویستی ئێمە، لەیادمە سەرۆک مام جەلال بەرگریی لە تۆ و کتێبەکەتی دەکرد، رێزی تۆ و هەموو ئەوانەی خزمەت بە کەلتوور و رۆشبیریی کورد دەکەن، لەسەر چاومان بووە و هەروادەبێت، من دەچمە بەغداد و بێگومان لەگەڵ گەڕانەوەمدا چاوەڕێی دیدارت دەکەم، کتێبخانەکەشت لە هەر شوێنێکی سلێمانی دادەنرێت کە جەنابت داوای دەکەیت“.